# نێچیرڤان بارزانی: پێویستە حکومەتی عێراق بەرپرسیاریەتیی خۆی لە پاراستنی نەردە دیپلۆماسییەکان جێبەجێبکات

سەرۆکی هەرێمی کوردستان رایدەگەیەنێت، پێویستە حکومەتی عێراق بەرپرسیاریەتیی خۆی لە پاراستنی نەردە دیپلۆماسییەکان و هێزەکانی هاوپەیمانان جێبەجێبکات و داواشدەکات، "ئەگەر نەدات چیتر گروپە لەیاسادەرچوەکان، ئاسایش و بەرژەوەندییەکانی وڵات بخەنە مەترسییەوە".

بەگوێرەی راگەیەندراوێکی سەرۆکایەتی هەرێم، نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ئێوارەی ئەمڕۆ پێنجشەممە لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ ئەنتۆنیو تیانی جێگری سەرۆك وەزیران و وەزیری دەرەوەی ئیتاڵیا، دوایین پێشهاتەکانی دۆخی ناوچەکە و کاریگەری و لێکەوتەکانی شەڕیان بەسەر ئاسایش و سەقامگیریی ناوچەکە و جیهانەوە تاوتوێ کرد.

نێچیرڤان بارزانی بە توندی سەرکۆنەی ئەو هێرشەی کرد کە شەوی ڕابردو کرایە سەر بنکەی سەربازیی ئیتاڵیا لە هەرێمی کوردستان. هەروەها دوپاتیکردەوە کە پێویستە حکومەتی عێراق بەرپرسیاریەتیی خۆی لە پاراستنی نەردە دیپلۆماسییەکان و هێزەکانی هاوپەیمانان جێبەجێبکات و ئەگەر نەدات چیتر گروپە لەیاسادەرچوەکان، ئاسایش و بەرژەوەندییەکانی وڵات بخەنە

مەترسییەوە.

لای خۆیەوە، وەزیری دەرەوەی ئیتالیا وتای سەرکۆنەکردنی هێرشەکە، دوپاتیکردەوە کە وڵاتەکەی بە هەمو شێوەیەك لە پشتگیری و هاوکاریکردنی عێراق و هەرێمی کوردستان بەردەوام دەبێت بە بەرەنگاربونەوەی ئاڵنگارییەکان و ڕوبەڕوبونەوەی هێرشە تیرۆریستییەکان، هەروەها برەو بە هاریکاریی هاوبەشیان دەدەن بە پاراستنی ئارامی و سەقامگیری.

لە پاشخانی پەیوەندیەکەدا، نێچیرڤان بارزانی سوپاس و پێزانینی هەرێمی کوردستانی بە ئیتالیا دەربڕی بە ئەو پشتگیری و هاوکارییە بەردەوامانەی پێشکەش بە هەرێمی کوردستانی دەکات و ڕۆڵی هێزەکانی ئەو وڵاتەی لە چوارچێوەی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیدا بەرز نرخاند.